**زیاد لە پێویست عاشقی تۆم .. هۆنراوەی شالاو**
**ئەگەر دڵم بۆ تۆ هێندە لە لێدانە ،،**
**ئەگەر ئەتۆ لە خەونی مندای شەوانە ..!**
**ئەگەر چاوم تەنها نیگای تۆ دەبینێ..،**
**ئەگەر دەستم هەر لە باخت گوڵ دەچینێ ...**
**ئەگەر ئەتۆ بۆ من تەنها هەموو هیوای**
**ئەگەر ئەتۆ لە شەوەزەنگیشدا چرای**
**ئەگەر عیشقت هەر ڕیسوایی دەبێ بۆ خۆم**
**چارەم چییە ..؟**
**زیاد لە پێویست عاشقی تۆم...!**